# سازشكاری (تەوافوق) وەک شێوەیەكی بەڕێوەبردن و كێشەی كورد

هیشام ئاكرەیی

وەک شێوەیەكی بەڕێوەبردن بۆ عێراقی دوای سەددام و بەمەبەستی مسۆگەركردن و گەرەنتیكردنی چارەسەرێكی دیموكراسیانە بۆ كێشەی گەلی كورد لە باشووری كوردستاندا، دەسەڵاتدارانی كورد و زۆربەی لایەنە سیاسیەكانی ئەوێ، باسی شێوەی تەوافوق و سازشگاری دەكەن. بەو مانایەی هەر بڕیارێک بدرێت یان حكومەتێک لە بەغدا دروست بكرێت، پێویستە بەشێوەی ڕێكەوتن بێت لە نێوان پێكهاتە جیاجیاكانی عێراقدا. تەوافوقێک كە پێیان وایە هەموو گەلانی عێراق تیایدا بە مافەكانی خۆیان دەكەن.

لەوەتی سەددام ڕوخاوە لایەنە سیاسیەكانی عێراق بە عەرب و كوردەوە، ئەم شێوەیەیان بەكارهێناوە، هەر لە دارشتنی یاسایەكی كاتی بۆ عێراق و دروستكردنی حكومەت و ئەنجوومەنی كاتی عێراق و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەكان، تا دروستكردنی حكومەتی دوای هەڵبژاردنەكانی عێراق.
دیارە لایەنە كوردیەكان زیاد لە شیعەكان و عەرەبی سوننەی عێراق، سوورن لەسەر ئەو شێوەیەی بەڕێوەبردن و بە لوتكەی دیموكراسی لەقەلەم دەدەن.

ئاشكراترین و گرنگترین سازشكاری و تەوافوق لەم ڕۆژانەدا باسی لێوە دەكرێت، كە دەربارەی حكومەتی داهاتووی عێراقە لە نێوان شیعە و كورد و عەرەبی سوننەدا.
هەمووومان دەزانین لە هەڵبژاردنەكانی عێراقدا، عەربی شیعە نزیكەی(140) یان 51% ی كورسیەكانی پەرلەمانی عێراقیان بەدەست هێنا و لەم دوو ڕۆژەشدا 11 ئەندامی تری پەرلەمانی عێراق چوونەتە پاڵ لیستی شیعەكان و بەو شێوەیە نزیكەی 55% ی كورسیەكانی پەرلەمانیان بەدەستیانەوە دەبێت.

لە سیستەمی دیموكراسیدا ئەو لایەنە یان لایەنانەی زیاد لە 50% ی كورسیەكانی پەرلەمان بەدەستەوە بێنێت، ئەركی دروستكردنی حكومەت بەو لایەنە دەسپێردرێت. بەو مانایە بەگوێرەی یاساكانی دیموكراسی شیعەكانی عێراق یان لیستی هاوپەیمانی عێراقی بۆیان هەیە بەتەنیا حكومەت دروست بكەن و عێراق بەڕێوەببەن و لایەنەكانی تر بە كورد و عەلاویەوە وەک ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا كاربكەن.

سەپاندنی حكومەتێكی هاوبەشی پێكهاتوو لە هەموو لایەنەكان (شیعە، كورد، عەلاوی و عەرەبی سوننە) لەدەرەوەی یاسای دیموكراسیدایە وزیاتر پەیوەندی بە بارودووخی سیاسی عێراقەوە هەیە، نەک بە پرنسیپەكانی دیموكراسیی.
هەر كاتێک شیعەكان یان هەر لایەنێكی تر، زۆرینە بەدەستەوە بێنێت، دەتوانێ لایەنەكانی تر (یان كورد وەک كەمینە لە پەرلەماندا)، لە بەشدرابوون لە حكومەتدا بێبەش بكەن. بەشدرابوونی كورد لە وەزارەتەكانی عێراقدا و داواكردنی پۆستی سەرەک كۆمار یان هەر پۆستێكی تر، لە دەرەوەی گەمە و یاساكانی دیموكراسیدان. هەر بۆیەش كورد ناتوانن ئەم شێوەیە بەسەر لایەنەكانی تری عێراقدا بسەپێنن، بە تایبەت لە قوناغی دوای دانانی دەستووری عێراق.

ئاساییە فێدرالیزم و دیموكراسی وەک شێوەیەكی بەڕێوەبردنی عێراق لە ناو دەستووردا بچەسپێت و هەموو گەلانی عێراق لەسەریان ڕازیبن (نەک سنوورەكانی هەرێمی فێدراڵ و شێوەی نەتەوەیی فێدرالیزم) بەڵام دانانی خاڵێک بەناوی تەوافق (سازشكاری) لە بەڕێوەبردنی عێراقدا، كارێكی سەختە، چونكە دژی پرنسیپەكانی دیموكراسیەتە. دیموكراسیەت باسی زۆرینە و كەمینە دەكات، باسی 50+1% دەكات، باسی تەوافوقی ئارەزوومەندانە دەكات نەک تەوافوقێک بەشێوەی یاسا و سەپاندن. لە هیچ كام لە یاساكانی وڵاتانی دیموكراسی دونیادا، شتێک نیە بەناوی سازشكاری لە دروستكردن و بەڕێوەبردنی وڵاتدا.

سەرەڕای ئەوەی سازشکاری پەیدابووی سیستەمی دیموکراسیە و یەکێکە لە بنەماکانی کاری ڕێکخراوە دیموکراسیەکان، بەڵام مەرج نییە بەکار بهێنرێ. لایەنەکان و کەسان ئازادن لە بەکارهێنانی یان ڕەتکردنەوەی. کەواتە یاسا نییە. هەروەها کەس ناتوانێت سازش بەسەر لایەنێکی تردا فەرزبکات.

سازشکاری (کومپرومایس،تەوافق) دەستەواژەیەکی سیاسیە لەگەڵێ بواردا بەواتایەکی ئەرێنی بەکاردەهێنرێت. کومپرومایس (سازشکاری) ئەو هەنەرەیە کە تیایدا لایەنەکان کێکێک لە نێوان خۆیاندا دابەشدەکەن بە شێوەیەک کە هەموو ئەو لایەنانە وا هەست بکەن، بەرندەی بەشی هەرە گەورەن (سەرچاوە، هومو ئوبێرگ 1998). بەڵام ئایە سازشکاری لەسەر هەموو شتێک دەکرێت؟؟؟

(هومو ئوبێرگ) دەڵێت، هر سازشکاریەک ببێتە هۆی لەدەستدانی ئامانج یان ئامانجەکان، ناتوانی ناوی لێبنێیت سازشکاری. بۆ نموونە مروڤ ناتوانێت سازشکاری لە سەر مافەکانی مرۆڤ بکات، چونکە ئەوانە ئەو مافانەن کە ناتوانی دانوسان لەسەریان بکەی. (قسەکانی هومو ئوبێرگ تەواو)

کەواتە سازشکاری لە هیوایەکدا دەکرێت کە دەکرێ بەو شێوەیە جێبەجێ بکرێت نەک لەدەست بدرێت. بەو مانایە هەر ڕێکەوتنێک مافەکانی گەلی کورد بەدی نەهێنێت، سازشکاری لەسەری ناکرێت. کەرکوک یەکێکە لەو مافانەی کە نابێ لە هاوکێشەی سازشکاریدا بێت. فێدرالی نەتەوەیی و مافی چارەی خۆنووسین ئەو مافانەن کە سازشکاری لەسەریان ناکرێت. مافەکانی کورد لە دەستووری عێراقدا و بەشداری کورد لە حکومەتی ناوەند دا، بە شێوەی تەوافق نایەتە دی.

تاوەکوو ئیستا لایەنە کوردیەکان ڕێکەوتنی 1970 وەک بنەمایەک بۆ دانوسان و داواکردنی مافەکانی کورد دادەنێن. بەڵام ئەم جارە نەک بەشێوەی چەسپاندنی لە دەستووری عێراقدا، بەڵکوو بەشێوەی تەوافوق (سازش) و پێیان وایە بەم شێوە نەنووسراوە دەتوانن پۆستی گرنگ لە بەغدا مسۆگەربکەن.

لە یاسای حوکمی زاتیدا دەستنیشان کرابوو، کورد چەند پۆستی دەبێت کە حکومەتێکی دیموکراسی نەبوو.ئێستاش عێراقێکی دیموکراسی مافەکانی کورد لە بەڕێوەبردنی عێراقدا بەدی ناهێنێت و شێوەی سازشکاری بە واتای فەرزکردنی بەشداربوونی هەموو لایەنەکان لە دروستکردنی حکومەتدا، دژی دیموکراسییە و مافەکانی کورد مسۆگەر ناکات.

کورد ناتوانن لە هەر هەڵبژاردنێک و گۆڕانکاریەکی ناو عێراقدا، لەوە بترسن ئایە ئەو گۆڕانکاریە مافەکانی دەخاتە مەترسییەوە یان نا. کەواتە پێویستە کورد دوور لە دیموکراسی و سازشکاری مافەکانی خۆی لە دەستووری عێراقدا بچەسپێنێت. تیایدا ژمارەی کورسەکانی کورد لە پەرلەمانی عێراقیدا و ئەو پۆستانە و ژمارەی پوستەکانی بە کورد دەدرێن دەستنیشان بکرێن. لە مەش گرنگتر دەستنیشانکردنی شێوەی هەرێمی فێدراڵ و دەسەڵاتەکانی و سنوورەکەی و مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستان.

سازشکاری و تەوافوق، شەڕێکی دوڕاوی کوردە و سبەی بە چەکی دیموکراسی و بەرگریکردن لە سیستەم و پرنسیپەکانی دیموکراسی لە عێراقدا، عەرەبەکان دەتوانن ئەو داواکاریەی کورد پۆچەڵ و تێک بدەن.
سازشکاری بە واتای بەشداربوونی هەموو لایەنەکان لە حکومەتدا، چوونی کوردە بۆ بەرەی دژی دیموکراسی و بە ئاسانی لەو شەڕەدا دەدۆڕێنن.